گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# تێمای ژن لە دیوانی (جێ سمی بارگیرەکان)ی (قوبادی جەلیزادە)دا

م. ی. دەشتی یاسین عومەر
بەشی کوردی، کولێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان - عێراق
Dashte.Omar@su.edu.krd

زانیاریەکانی توێژینەوە

بەرواری توێژینەوە:
وەرگرتن:٢٠٢٥/٣/١٠
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٥/١٣
بڵاو کردنەوە:هاوین ٢٠٢٦

ووشە سەرەکییەکان
*QubadiJalizada, Women theme, Mother, Love, Erotic.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.11.3.1

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (تێمای ژن لە دیوانی (جێ سمی بارگیرەکان)ی (قوبادی جەلیزادە)دا پێشکەشکراوە، ئەو لق و سەرچاوانەی پێکهێنەری تێمای ژنن لە دیوانەکەدا نیشاندراون، وەک: (ژن وەک دایک، ژن وەک قوربانیبوون، وەسفی جوانی ژن و باڵاکردنی، ژن وەک سەرچاوەی بەرهەمهێنانی دەقی ئیرۆتیک، خۆشەویستی ژن).

لەم توێژینەوەیەدا چەمک و زاراوەی تێما، ژن (ئافرەت) خراونەتەڕوو، هەروەها تیشک خراوەتە سەر پێگەی ئافرەت لە ئەدەبدا و خوێندنەوەیەکمان بۆ دەرکەوتەی ژن لە قۆناغە جیاجیاکانی شیعری کوردیدا کردووە، تێمای ژن لە شیعرەکانی (قوبادی جەلیزادە)دا بە فراوانی دەبینرێت، چونکە بەشێکی گەورە لە سەرچاوەی سەرەکی هەڵقوڵانی ئیلهامی شیعری لای (جەلیزادە) ژنە، لەم توێژینەوەیەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە وێناکردنی ژن لای شاعیر دەرکەوتەی گەورەی هەیە، ژن دەباتە ئاستێکی باڵا و بە گەورەیی و پیرۆز وێنای دەکات، هەروەها خۆشویستن و وەسفی جوانی ژن و خەم و ئازارەکانی ژن لای شاعیر لەبیرنەکراون و وەک داکۆکیکارێک لە بەرەی ژن دەبینرێت.

## پێشەکی:

قوبادی جەلیزادە، لە ساڵی ١٩٥١ لە شاری کۆیە لەدایکبووە، یەکێکە لە دەنگە دیارەکانی شیعری هاوچەرخی کوردی، لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، دەستی بە نووسینی شیعر کردووە، خاوەنی فۆڕم و زمانی شیعری تایبەت بە خۆیەتی و دەنگێکی جیاوازی شیعری ئەم

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

قۆناغەیە، شیعرەکانی هەڵگری تێمای جیاوازن لەوانە: (ژن، نیشتمان، یاخیبوون، خودا، ئازادی، ئیرۆتیک، شارستانیەت، نێرسالاری، دایک، خودگەرایی...).

لەگەڵ ناوی (قوبادی جەلیزادە)دا وێنای ژن بە هەموو تێما جیاوازەکانییەوە لە فەرهەنگی خوێنەردا پەیدا دەبێ، بەڵام شیعرەکانی شاعیر فرە ڕەهەندن، تەنیا ژن لە شیعرەکانیدا دەرکەوتەی نییە، بەڵام (ژن، ئیرۆتیک) ڕەنگدانەوەی فراوانتری هەیە.

جگە لەمانە (جەلیزادە) بە پێشەنگی فۆڕمی شیعری (هایکۆ) دادەنرێت، هەروەها هەندێک لە شیعرەکانی دەنگدانەوەی گەورەیان لە کۆمەڵگە دروستکردووە و بوونەتە گفتوگۆی نێوان خوێنەران و ئایدیا جیاوازەکانەوە، لەوانە: (وەرە باببین بە سەگ، خودا دەیەوێ پشوو بدات، مزگەوتماڵی خودایە...).

(جەلیزادە) خاوەنی کۆمەڵێک دیوانی شیعرییە لەوانە: (خولێك بۆ فێربوونی گریان، چاکەتێك لە کۆنە دەکرم، لە گەڕەکی باڵندانە ماڵەکەم، ئەو خودایەی دایکم خۆشیدەویست، ژنێك لە جنسی باران، با لەسەری کۆڵانەکەتانا دانیشتووە، بەردێك دەگرمە کیسەڵێك، ستیانی بەفر پڕە لە ڕیشۆڵە، شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات، باخچەکانی مەلەك تاوس، کۆڵانە شینەکانی منداڵیی، جێ سمی بارگیرەکان...).

ئێمە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە تیشک بخەینە سەر گۆشەیەک لە شیعرەکانی، کە بریتین لە (ژن).

## سنوری توێژینەوە:

سنوری ئەم توێژینەوەیە (تێمای ژن)ە، لە دیوانی (جێ سمی بارگیرەکان)دا.

## ڕێبازی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی شیکاری پەیڕەوکراوە، کە بەهۆیەوە زانیارییە پێویستەکانی پەیوەست بەو توێژینەوەیە باسکراون و شیعرەکانی شاعیرمان بە وردی شیکردووەتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ئامانجی توێژینەوە:

هەوڵماندراوە تێما جیاوازەکانی ژن لە دیوانی (جێ سمی بارگیرەکان)دا وەک پێکهێنەری بەشێکی گەورەی ئەم دیوانە بخەینەڕوو، بۆ ئەوەی دنیابینی شاعیر بۆ ژن نیشانبدەین، کە ژن لە گۆشەنیگای جیاوازەوە وێنا دەکات و دەیکات بە بەشێکی گەورەی لە پێکهێنانی دەقە شیعرییەکانی.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە پوختە و پێشەکی و دوو بەش پێکدێت، لە تەوەری یەکەمی بەشی یەکەمدا زاراوە و چەمی تێمان خستووەتەڕوو، لە تەوەری دووەمدا چەمک و زراوەی ژن نیشاندراوە، لە تەوەری سێیەمدا ژن لە شیعری کوردیدا خراوەتەڕوو.

بەشی دووەمی توێژینەوەکەمان تایبەت کردووە بە تێمای ژن لە دیوانی (جێ سمی بارگیرەکان)ی (قوبادی جەلیزادە)دا، لەوانە: (ژن وەک دایک، ژن وەک قوربانیبوون، وەسفی جوانی ژن و باڵاکردنی، ژن وەک سەرچاوەی بەرهەمهێنانی دەقی ئیرۆتیک، خۆشەویستی ژن). لە کۆتایی توێژینەوەکەدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکانمان خستووەتەڕوو.

## بەشی یەکەم: تێمای ژن

### تەوەری یەکەم: زاراوە و چەمکی تێما

تێما واتە: کرۆک و ناوەخنی بابەت، هەموو ئەو لق و پۆپانەی لە بابەتێک دەبنەوە پێیان دەگوترێت: تێما، بە واتایەکی تر هەموو ئەو لقانەی لەژێر بابەتێک کۆدەبنەوە پێیان دەگوترێت تێما، لە زمانی کوردیدا بەرانبەر ئەم زاراوەیە (تێم، بابەت، کرۆک، ناوەرۆک، ناواخن، جەوهەری بابەت، بیرۆکەی سەرەکی ... ) بەکاردێت، لە فەرهەنگی زمانی عەرەبیشدا (تيمة، التيم، التيمية، الموضوعة، الموضوعاتي، المواضيعة...) بەکاردێت.

ئەم زاراوەیە کە دەکرێتە عەرەبی بووەتە (التيم)، «بریتییە لە وێناکردنی شتێک کە لقی لێبێتەوە، کە لە کاری هەموو نوسەرێکدا دەیدۆزینەوە.» (علوش، ١٩٨٥، ص ٥٦). هەر دەربارەی تێما لە سەرچاوەکاندا هاتووە، کە زیاتر ئەو ڕایەی سەرەوە پشتڕاستدەکاتەوە و ئەوە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەخاتەڕوو، کە «تیمة (عنصر موضوعي)، یەکەیەکی دەلالییە، لە بواری ئەدەبدا دەکەوێتە نێو دەقێک یان کۆمەڵە دەقێکەوە، بۆ نموونە تێمای مردن، تێمای خۆشەویستی... تد» (کریزویل، ١٩٩٣: ص 417).

کەواتە «تێم theme یان تێما، تیمة، واتە (الموضوعة)، یان (الموضوعاتي) لە کوردیدا بە مانای (جەوهەری بابەت)، یان (مانایەکی دیاریکراوی زاڵ لە نێو بابەتەکە)، یان (فیکرەی جەوهەری) دێ.» (ئەسوەد، ٢٠١٥، لا ١٤١). لە زمانی فارسیشدا «بەواتای گەواهیدان، ڕیشە، زەمینەسازی، دارشتن، بابەت دێت.» (abadie.ir). هەروەها ئەم زاراوەیە لە زمانی ئینگلیزیدا (theme)ە بەکارهێنانی زاراوەکە، «بیرۆکەیەکە بۆ بەکارهێنانی ناونیشانێک کە لق و پۆپی لێبێتەوە، یەکەم بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٢٥٠-١٣٠٠) کە لە بنەڕەتدا لە وشە یۆنانییەکەیەوە وەرگیراوە، کە بریتییە لە (théma)، کە بە واتای دارشتن دێت، ئەم زاراوەیە، ئینگلیزەکان لە فەرەنسییە کۆنەکانەوە وەریانگرتووە، کە بە واتای بابەت دێت.» (dectionery.com). لە فەرەنسیشدا بەرانبەر ئەم زاراوەیە «Thema Tique المواضيعة» (جینیت، ١٩٨٥: ص 100). بەکاردێت.

ئەگەر سەرەنج بدەین دەبینین هاوبەشی هەیە لەسەر ئەو (چەمکە) لەنێوان زمانە جیاجیاکاندا، کە دەکرێ لەوەدا کورتی بکەینەوە و بڵێین: تێما بریتییە لە بیرۆکەی زاڵ و باڵادەست لەناو بەرهەمێکی ئەدەبیدا، کە کۆی بیرۆکە و ڕەگەزەکانی تر لەناو دەقەکەدا بەدەوری ئەو بیرۆکە زاڵە دەسوڕێنەوە.

کەواتە: تێما بریتییە لە شۆڕبوونەوە بە ڕەگ و ڕیشەی بابەتێکدا و چوونە سەر لق و پۆپەکانی و شیکردنەوەیان، واتە لەژێر چەمکی تێمادا چەند لقێکی بچووکتر هەیە، بۆ نموونە کاتێک دەڵێین (تێمای ژن) مەبەستمان لێی هەموو ئەو لق و سەرچاوانەن کە پێکهێنەری تێمای ژنن.

## تەوەری دووەم: زاراوە و چەمکی ژن (ئافرەت):

ژن یان ئافرەت بریتییە لە ڕەگەزی مێی مرۆڤ، بە شێوەیەکی گشتی وشەی ژن ئاماژەیە بۆ مرۆڤی مێینە، لە فەرهەنگی زماندا (ژن) بۆ کەسێکە کە هاوسەری هەبێ، بەڵام دەشکرێ وەک

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەگەزی گشتی مرۆڤی مێینە وەربگیرێ، لەپاڵ ئەم وشەیەدا وشەی (ئافرەت)مان هەیە، کە سیمایەکی گشتگیرتری هەیە بۆ ڕەگەزی مێی مرۆڤ.

هاوتاکانی وشەی ژن (ئافرەت) لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا بریتین لە: «ئاڤرادە، پیرەک، پت، پتکۆ، پتۆ» (موکریانی، ٢٠١٧: ل ٣١) هەروەها «عافرەت، ژەنی، زن» (سەنەندەجی و ئەوانیتر، ١٣٩٧: ل ٣١) بەکارهاتووە، ئەم زاراوانە هەموویان لەوەدا هاوبەشن، کە وەک ناوێک بۆ ڕەگەزی مێینەی مرۆڤ بەکارهاتوون.

بەکارهێنانی زاراوەی ژن لەوەوە هاتووە، کە «زاراوەی (ژن) گشتگیرە و لە وشەی ژینەوە هاتووە و هەڵقوڵاوی زمانی کوردییە، بەڵام زاراوەی ئافرەت دەگەڕێتەوە بۆ زمانە بیانییەکان و هەندێك پێیان وایە لە وشەی (عەورەت)ی عەرەبییەوە هاتووە، هەندێکی دیکە دەیبەنەوە سەر وشەی (ئەفرۆدێت)ی یۆنانی.» (عەبدول،2007، ل11) هەر سەبارەت بە زاراوەی (ئافرەت)، بەشێک لە سەرچاوەکانی فەرهەنگی زمان بەم شێوەیە ڕاڤەی وشەی ئافرەت دەکەن، ئافرەت ‹‹لە وشەی (ئافرۆدۆیت)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە، کە بە خوای جوانی و دڵداری مەشهوورە و لای ڕۆمانەکان بۆتە ڤێنووس›› (زەبیحی، ٢٠٢٢، لا ٤٤).

هەروەها لە فەرهەنگی ئیتیمۆلۆژی کوردیدا چەند بۆچونێک دەربارەی زاراوەی ئافرەت خراوەتەڕوو، لەوانە: ئافرەت ‹‹لە وشەی تورکی، لە عارەبیی وەرگیراوی (ئاروات) هاتبێت، کە ئەویش لە وشەی عارەبیی عەورەت (ناوگەڵ) وەرگیراوە. ئەوەی بنەچەی عەورەت پشتڕاستدەکاتەوە، ئەوەیە کە ناوەکە لە ئەدەبیاتی سەدەی پێنجی کۆچی فارسیی، بە شێوەی عەورەت بۆ تاکی مێیە و عەورەتینە بۆ باری کۆی ئافرەت بەکارهاتووە.›› (هەرشەمی، 2022، لا ٧٠) هەر سەبارەت بە زاراوەی ئافرەت سەرچاوەیەکی تر، هەمان بۆچوون دووپاتدەکاتەوە، کە ‹‹ئافرەت لە تورکی (avrat) و لە عەرەبیی (عورة)، ئافرەت هەمان عەورەتی عەرەبییە، کە لە تورکییەوە هاتۆتە نێو زمانی کوردی و پاری /Wr/ گۆڕاوە بۆ /Fr/ شێوەی جوانی کوردی پێدراوە و هەر لەبەر ئەمە هەندێ بە هەڵە لەبەر ڕواڵەتی وشەکە دەیبەنەوە سەر ئافرۆدیت یان ئافراندن. ›› (نانەوازادە، ١٣٩٦ : ل ١١٠ - ١١١)

بە تێگەیشتنی ئێمە پەیدابوونی ڕەگەزی مێینەی مرۆڤ لە عەورەتەوە نەبووە، چونکە پەیدابوونی ڕەگەزی مێینەی مرۆڤ لە ڕەگەزێکی تر نەبووە تا ئەو بۆچوونە پشتڕاستبکاتەوە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە پێی بەڵگە زانستی و دینییەکان دروستبوونی ڕەگەزی مرۆڤ لە یەک سەرچاوە بووە و هەموو مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بنچینەیە کە (ئادەم) و (حەوا)ن، ئەم دووانەش لە یەک سەرچاوە خولقێنراون، هەرچەند چیرۆکێک هەیە سەبارەت بە خوڵقاندنی دایکە (حەوا) لە پەراسووی چەپی باوکە (ئادەم)، ئەگەر بەو تێگەیشتنە بیبەستینەوە، بۆچی ئافرەت لە عەورەتەوە پەیدا بووە! بۆیە گونجاوترە بگوترێ ئافرەت لە وشەی ‹‹ئافراندن، عافراندن، درووس کردن، بەدیهێنان، خوڵقان›› (سەنەندەجی و ئەوانیتر، ١٣٩٧: ل ٣١) وەرگیراوە نەک عەورەت، یان دەچێتەوە سەر وشەی پەهلەوی ‹‹afraxtan ئەفرەختان بە واتای ڕۆشنکردن، چرا هەڵکردن، واتا ئەفرەختان بووبێتە ئەفرەخت و ئەفرەت پاشانیش ئافرەت مەبەستەکەش گونجاوە کە ئافرەت بە چرا هەڵکەر و ڕۆشنکەرەوەی ماڵ دانراوە.›› (هەرشەمی، 2022، لا ٧٠) بەڵام بە هەموو لایەنەکان ئێمە مەبەستمان لە ئافرەت، کۆکەرەوەی فەرهەنگی ڕەگەزی مێینەیە، بۆیە جیاوازییەکی وا دروست ناکات، کە کامە زاراوە بەکاربهێنین، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە دیوانەکە زیاتر زاراوەی (ژن) بەکارهاتووە، ئەم زاراوەیەمان بۆ ناونیشانی توێژینەوەکە هەڵبژاردووە، کەواتە: ژن (ئافرەت) بریتییە لە ڕەگەزی مێینەی مرۆڤ کە سەرچاوەی تەواوکردنی ژیان و لە دایکبوون و زیادبوونی مرۆڤە، کە دەبن بە دایک و ژن و هاوژین و کچ...

## تەوەری سێیەم: ژن (ئافرەت) لە شیعری کوردیدا

ژن وەک ڕەگەزی مێینەی مرۆڤ بووەتە کۆڵەگەیەکی گرنگی ژیانی مرۆڤایەتی و هۆکارێکە بۆ بەردەوامبوونی ژیانی مرۆڤایەتی، شانبەشانی پیاو لەو مەیدانە جەنگاوە، ئەندازەی ژیانی مرۆڤ بە جۆرێکە بێ ژن ناتەواوە، ئافرەت بە هەموو تێماکانییەوە، وەک (دایک، هاوسەر، کچ، خوشک ...) بۆ پیاو پێویستییەکی گرنگی ڕوحییە، ئەگەرچی لە سەردەمی کۆندا هەندێکجار، بە چاوێکی کەم و بێبەها سەیری ژن کراوە، بەڵام حەقیقەتی بەردەوامبوونی ژیانی مرۆڤایەتی ئەوەی سەلماندووە کە بێ ژن ژیان ناتەواوە، چونکە بە بێ بوونی ڕەگەزی مێ، ژیانی مرۆڤایەتی کۆتایی دێت، کەواتە ئافرەت «ئەو هێزەیە کە بتوانێت کۆمەڵگە بخاتە سەر ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی و بەرەو داهاتوویەکی گەش ئاڕاستەی بکات، ئەویش لە ڕێگەی پەروەردەکردنی خێزان و ڕاستکردنەوەی چەوتییەکانی کۆمەڵگە.» (شمس الدین،٢٠٠٥، ص ١٨).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەو پێیەی ئەدەب بەشێکی گرنگی واقیعی ژیانی مرۆڤە، بۆیە بارودۆخی مرۆڤ و ژیانی مرۆڤ لەناو ئەدەبدا گوزارشتی لێدەکرێت، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە ژن وەک بوونێکی گەورە بخرێتە ناو دەقە ئەدەبییەکانەوە و ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ پێکهاتن و بنیاتنانی دەقی ئەدەبی، لە مێژووی ئەدەبی جیهانیدا ژن لەناو دەقە ئەدەبییەکاندا بە فراوانی ڕەنگدانەوەی هەبووە و ڕۆڵی خۆی بە وێناکردنی جیاوازەوە نیشانداوە، «ژن بەشێکی گەورەی ئەدەبی جیهانی بەرئەکەوێ و بەشێکی زۆری ئەم باسەش بۆ دڵداری و ئەو پەیوەندییەی نێوان ژن و پیاو تەرخاندەکرێت.» (احمد،١٩٩٠، لا ٧).

لە ئەدەبی کوردیشدا ژن هەردەم ئامادەیی هەبووە، لە ئەدەبی فۆلکلۆرەوە تا دەگاتە ئەدەبی نووسراو، پانتاییەکی فراوانی لەناو دەقە ئەدەبییەکان داگیرکردووە، جا چ باسەکە لەسەر جوانی و دڵداری و ئەڤینی بووبێت یان باسی ئازایەتی و بوێری و مافەکانی بووبێت، یان گوزارشت بووبێت لە بارە تایبەتییەکانییەوە، بەتایبەتی لە دەقی شیعریدا.

لە ئەفسانەکانەوە تا دەگاتە دەقە ئەدەبییەکانی ئەمڕۆ ژن لەناو ژانرە ئەدەبییە جۆراوجۆرەکان دەبینرێت و ڕەنگدانەوەی فراوانی هەیە و بووەتە سەرچاوەیەکی گەورە و گرنگ بۆ خوڵقاندنی دەقە ئەدەبییەکان، لەناو دەقە ئەدەبیەکانیشدا لە شیعردا دەرکەوتنی ژن بە فراوانی دەبینرێت، ئەگەر ژن لە ئەدەب دەربکەین، بەشێکی گەورەی ئەدەب دەمرێ و سەرچاوەیەکی گرنگی بنیاتنانی دەق کۆتایی دێت.

ئەگەر ورد لە دەبی کوردیدا بڕوانین، لە ئەدەبی فۆلکلۆرەوە تا دەگاتە ئەمڕۆ دەرکەوتنی وێنەی ژن بە لایەنە جیاوازەکانەوە، لە وەسفی جوانی و عیشق و خۆشەویستی و هاندانی ژن بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و هاندانی بۆ بەشداریکردن لە کۆڕ و کۆبوونە و گشت لایەنەکانی ژیان و وێناکردنی وەک سەرچاوەیەکی ڕوحی و ئارامی بۆ پیاو ... تد) ڕەنگدانەوەیەکی فراوانی هەیە.

لە دەقەکانی گۆرانی فۆلکلۆری کوردیدا وەک: (بەیت، لاوک، حەیران...) ژن ئامادەییەکی گەورەی هەیە، کە زیاتر خۆی لە وەسفی ئەندامانی جەستە و جوانییەکانی ژن بەگشتی دەبینێتەوە، بۆ نموونە لە هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردیدا وێنای باڵای ئافرەت کراوە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

باڵاکەت بەرزە وێنەی شۆڕەبی
ڕەحمێکمان پێبکە واین لە غەریبی (بەرزنجی، ١٩٨٦: ل ٧٧)

چەندان وەسفی وا لە دەقی هۆنراوەی فۆلکلۆردا هەیە، کە باسی جوانی ژن نیشاندەدەن، کاتێک دێینە سەر ئەدەبی نووسراو لە قۆناغە جیاجیاکانی شیعری کوردیدا لە شیعری کلاسیکییەوە تا شیعری هاوچەرخ، ژن لەناو دەقە شیعرییەکاندا ڕەنگدانەوەی فراوانی هەیە، «لە شیعری کلاسیکدا زیاتر وەسفی ڕووکارانەی ئافرەت کراوە، ئەم وەسفکردنە لە شیعری کلاسیکیدا پشت بە ڕازاندنەوە و لایەنی جوانکاری و وشەکاری دەبەستێت، لەگەڵ نوێکردنەوەی شیعری کوردی، شاعیران دیدێکی نوێیان بۆ ئافرەت هەبوو و ئافرەت تەنیا وەک وەسفی ڕووکار نەمایەوە، بەڵکو کێشەی ژن و تواناکانی باسکران، سەرباری وەسفی جوانی، ئافرەت وەک ئازایەتی و هاندان بۆ بەشداری کردن لە پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان و هاندانیان بۆ خوێندن و خوێندەواری و بەشداری کردنیان لە کایەکانی ژیان خرایە ناو دەقی شیعرەوە.» (عومەر، ٢٠٢٣: ل ٣٧- ٣٨ )، ژن بەهۆی جوانی و شۆخ و شەنگییەکەی و پێگەیەکی گرنگ و تایبەت لەناو کۆمەڵگە، لای زۆربەی شاعیران و نووسەران و هونەرمەندان بە پێی قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکان، ژنیان کردووەتە کەرەستەی دەقەکانیان، بۆ نموونە لە شیعری شاعیرانی کلاسیک زیاتر ژن وەک کەرەستەی جوانی نیشاندراوە، بەڵام لە شیعری نوێدا سەرباری وێناکردنی جوانییەکانی ژن، ژن وەک خاوەن کێشەیەک هاتووەتە ناو دەقی شیعری، لە شیعری هاوچەرخیشدا ژن هەمان ئەو دەرکەوتن و پێگە گەورەیەی هەیە و ژن بە خۆی و جوانی و کێشە و خەون و تواناکانییەوە هاتووەتە ناو دەقی شیعری.

لەم توێژینەوەیەدا باسەکەمان تایبەت دەکەین بە دەرکەوتنی ژن لە شیعرەکانی (قوبادی جەلیزادە)دا، بەتایبەت لە دیوانی (جێ سمی بارگیرەکان)دا، هەر کاتێک ناوی (قوبادی جەلیزادە) دێت، وێنەی ژن یان شاعیری ژن یان شاعیری ئیرۆتیک دێتە بیری خوێنەر، ئیستاتیکای ژن لە شیعرەکانی شاعیر ڕەنگدانەوەی فراوانیان هەیە و پێگەی ژن بە گەورەیی و پیرۆزی دەبینرێت، سەبارەت بەم بۆچونە پرسیار دەربارەی ناوەڕۆکی شیعرەکانی لە (قوبادی جەلیزادە) دەکرێت، جەلیزادە دەڵێت: «من شیعرم بۆ جوانییە بۆ سروشتە بۆ ژنە، ژن وەک هەموو شت نەک جەستە، ژن وەک گەریلا، وەک پزیشک، وەک دایک ..... وەک هەرشتیێ ژن لەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کایەدا بوونی هەبێت.» (ئاوارە، https://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=16089&type=farhang)

## بەشی دووەم: تێمای ژن لە دیوانی جیٚ سمی بارگیرەکان

### یەکەم: دایک

دایک بریتییە لە ڕەگەزی مێینەی مرۆڤ، کە توانای وەچە (منداڵ) خستنەوەی هەیە، لە ژیانی مرۆڤایەتیدا بە چاوێکی گرنگ و پیرۆز سەیرکراوە، بناغەی دروستکردنی خێزانە و کۆڵەگەی بەردەوامی و مانەوەیەتی، سەرچاوەی هاتنە دونیای مرۆڤ و بەردەوامبوونی ژیانە، دایکایەتی خاسیەت و ڕەوشتێکی باڵایە، بە هەموو شێوەیەک پارێزگاری لە مانەوە و گەورەبوونی کۆرپەکەی دەکات، بەبیٚ ئەوەی چاوەڕێی پاداشت بکات.

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دایک بە چاوێکی پیرۆز سەیرکراوە، بە نموونەیەکی باڵا و میهرەبان و قوربانیدەر نیشاندراوە، جگە لەمانەش پێویستییەکی ڕوحی و دەروونییە بۆ ڕۆڵەکەی، هەروەها لە قورئاندا دایک بە گەورە و پیرۆز نیشاندراوە: (وَوَصَّيْنَا الْإِنسَانَ بِوَالِدَيْهِ إِحْسَانًا ۖ حَمَلَتْهُ أُمُّهُ كُرْهًا وَوَضَعَتْهُ كُرْهًا ۖ وَحَمْلُهُ وَفِصَالُهُ ثَلَاثُونَ شَهْرًا ۚ حَتَّىٰ إِذَا بَلَغَ أَشُدَّهُ وَبَلَغَ أَرْبَعِينَ سَنَةً قَالَ رَبِّ أَوْزِعْنِي أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ الَّتِي أَنْعَمْتَ عَلَيَّ وَعَلَىٰ وَالِدَيَّ وَأَنْ أَعْمَلَ صَالِحًا تَرْضَاهُ وَأَصْلِحْ لِي فِي ذُرِّيَّتِي ۖ إِنِّي تُبْتُ إِلَيْكَ وَإِنِّي مِنَ الْمُسْلِمِينَ ) (الاحقاف: 15) واتە: فەرمانتان پیٚ دەکەین ئەی منداڵان لە کوڕ و کچ دەرحەق بە دایك و باوکتان مامەڵە و ڕەفتار و ئاکار و گوفتارتان چاك و جوان بێت، بەتایبەتی دایکتان کە بەوپەڕی سەختی و ناڕەحەتی و دەرد و ئازارەوە بە پێستی سکیان ئێوەیان هەڵگرتووە و زۆر ئازاریان چێشتووە تا گەورەیان کردوون.

ئەم بەها پیرۆز و ڕوحییە بەدرێژایی مێژووی ئەدەب لە (ئەفسانە و حیکایەت و شیعر و چیرۆک و ڕۆمانیشدا...) دەرکەوتنی گەورەی هەیە و بۆتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ پێکهێنانی بنیاتی دەق و دەربڕینی هەستی مرۆڤ بەرانبەر بە گەورەیی و پیرۆزی دایک.

دایک لە دیوانی (جیٚ سمی بارگیرەکان) ڕەنگدانەوەیەکی فراوانی هەیە، شاعیر چەندین شیعری بۆ دایک نووسیوە، کە دەکرێت وەک وێناکردنێکی گشتی بۆ دایک لێکبدرێتەوە، لە چەندین ڕەهەندی جیاوازەوە وێنای دایکی کردووە، لە شیعرەکانی شاعیردا دایک وەک مرۆڤێکی باڵا و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێنیشاندەر و میهرەبان وەسفکراوە و بە سەرچاوەی هەموو جوانییەکانی ژیان دانراوە، شاعیر لە شیعری (هەورامی بوو- دایکم) وەسفی شێوەی دایکی دەکات و دەڵێت:

هەر بەقەد ئینجانەیەک دەبوو کورتیلە بوو- دایکم
بەڵام کە دەچووە ناو باخ
کەلەگەتتر بوو لە؛
سەرو و
سنەوبەر و
شەنگەبی (جەلیزادە، ٢٠٢٣: ١٧)

شاعیر دایک باڵا دەکات بەوەی لە هەموو جوانییەکانی تر باڵاتر و جوانترە، گەرچی لای شاعیر (سەرو، سنەوبەر، شەنگەبی) جوانن، بەڵام ناگەن بە دایک، ئەمە ڕەهەندێکی قوڵی مرۆڤبوونی تێدایە، دایک لە شێوەدا هەرچۆنێک بێ، لای منداڵەکەی هەمیشە جوانترینە.

یان دەڵێت:

بچکۆلە بوون چاوەکانی دایکم
بەڵام کە دەچووە سەر هەر دەریایەک
لە دەریاکە بەرین تر بوو،
دیدەکانی (جەلیزادە، ٢٠٢٣: ١٧)

هەر لە وەسفی دایکیدا شاعیر خەیاڵێکی ئەفسانەیی دروست دەکات بەوەی کە چاوەکانی دایکی بچوکن، بەڵام لە دیدی ئەو چاوەکانی دایکی ئەوەندە گەورە و قوڵن، ئەگەر بچێتە بەرانبەر هەر دەریایەک ئەوا چاوی دایکی بەرینترن، سەرباری دروستکردنی وێنەیەکی هونەری بەرز نیشاندانی دایک بە باڵا لەم دەقە دەبینرێت، چونکە وێناکردنی چاوی دایک بەرانبەر فراوانی دەریایەک دوورە لە واقیع، بەڵام شاعیر بۆ باڵاکردنی دایک ئەم وێنەیە دروست دەکات و دایک دەباتە لوتکەی جوانی.

پێم دەگوت بەژنت،
لە بەژنی هەموو ئەسپێدارەکانی چەمەکە، کەڵەگەتترە
بەڵام بەژنی،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەر ئەوەندەی چڵە ڕەیحانەیەک دەبوو (جەلیزادە، ٢٠٢٣: ١٨٣)

شاعیر ڕەهەندێکی گشتی مرۆڤ وێنا دەکات بەوەی دایک لەبەرچاوی منداڵەکەی لە ڕوخسار و شێوە هەرچۆنێک بێت، بەڵام هەمیشە جوانترینە، ئەم وەسفکردنە سیفەتێکی هاوبەشی مرۆڤایەتی هەیە، دەکرێت ئەوە بڵێین دایک لە دیدی منداڵەکەی هەمیشە جوانترینە.

هەر لە وەسفی دایکیدا شاعیر دایک دەباتە مەقامێکی تر، باڵاتر لە مرۆڤ ئەویش فریشتەیە، کاتێک دەڵێت: دایکم،

کە دەچووە سەر بەرماڵ و

تا نوێژی سبحەینانی تەواو دەکرد

دەبوو بە؛

فریشتە (جەلیزادە، ٢٠٢٣: ١٨)

یەکێک لە دروستکراوەکانی خودا (فریشتە)یە، بە پێی بیروباوەڕی ئیسلام فریشتە جیهانێکی نادیارن و خوا لە ڕووناکی بەدیهێناون، پابەندبوونی تەواو و توانای جێبەجێکردنی فەرمانەکانی پێ بەخشیوون، و گوێڕایەڵ و مل کەچی فەرمانەکانی خوان، خوا لە قورئاندا دەربارەیان ئەفەرمویێت، ﴿لَا يَسْبِقُونَهُ بِالْقَوْلِ وَهُم بِأَمْرِهِ يَعْمَلُونَ، يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ارْتَضَى وَهُم مِّنْ خَشْيَتِهِ مُشْفِقُونَ﴾، (الأنبياء، ئایەتی: ٢٧، ٢٨)، شاعیر دایکی دەباتە ڕیزی فریشتە، بۆ ئەوەی دایکی لە پلەی مرۆڤ داماڵێت، بەوەی مرۆڤ هەڵەدەکات، بەڵام فریشتەکان هەڵە ناکەن و تەنیا بە فەرمانی خودا دەجولێنەوە، لە فەرهەنگ و کەلتووری بەشی زۆری مرۆڤی کورد فریشتە وێنایەکی جوان و بێ کەموکوڕی هەیە، بۆ نموونە کاتێک کەسێکی ڕەوشت بەرز یان جوان دەبینین، دەڵێین: دەڵێی فریشتەیە.

هەروەها شاعیر تێمای دایک وەک کەسێکی میهرەبان وێنا دەکات و دەڵێت:

دایکم،

کە جلەکانی دەشوشتن، نەیدەگوشین و بە تەڕی هەڵی دەخستن

دەیگوت:

با چۆلەکە تێنوەکان لە تکە تکە ئاوەکەیدا

دەنووکیان تەڕ بکەن (جەلیزادە، ٢٠٢٣: ١٩)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شاعیر وێنای میهرەبانیەتی دایک دەکێشێ، بەوەی کە لە خەمی ئاوخواردنەوەی چۆلەکەیەکە، ئەمە وێناکردنی ئەوپەڕی میهرەبانییە لە مرۆڤدا, کاتێک لە خەمی ئاوخواردنەوەی چۆلەکەیەکە، جگە لەمەش شاعیر بە زمانێکی سادە ئیستاتیکای دەقەکەی فەرامۆش نەکردووە، کاتێک جلی تەڕ بەسەر تەنافەوە هەڵدەخسترێ، دڵۆپ دڵۆپ ئاوی لێ دێتە خوار، کە چۆلەکە دەنووک بەم دڵۆپە ئاوانە بنێ، ئەم وێناکردنێکی هونەرمەندایە، واتە شاعیر تەنیا لە خەمی باڵاکردنی دایک نییە، بەڵکو لایەنی هونەر و ئیستاتیکای دەقەکەی لەبیرنەکردووە.

دایکم وەسیەتی کرد کەمرد
بەیەکسانی میراتەکەی بەسەر کوڕو کچیدا، دابەش بکەن
کە تەسبیحێک و بەرماڵێک و میخەکبەندێ بوو (جەلیزادە، ٢٠٢٣: ٢٧١)

یەکێکی تر لە تێماکانی ژن وەک دایک، (جەلیزادە) دایک بە دادپەروەر وێنا دەکات، بەوەی دایک ئەوەندە دادپەروەرە لە نێوان منداڵەکاندا گەر بچوکترین شتی لەدوای خۆی جێبهێڵێت، بە یەکسانی دابەشیان دەکات، دیوێکی تری ئەم شیعرە دابەشکردنی میرات دەداتە دەستی ژن بەوەی ژن دادپەروەرترە لە پیاو.

(جەلیزادە) ڕەهەندێکی دیکەی گشتی بە دایک دەبەخشێ، مرۆڤ سروشتی وایە، هەرچەند گەورە بێ، بەرانبەر دایکی خۆی بە منداڵ دەبینی بۆیە دەڵێت:

نیشتمانم چۆڵ کرد...
لێ،
لانکی منداڵیم و لایەلایەی دایکم و
کتێبەکەی ئەمین باڵدارم
جێنەهێشت.. (جەلیزادە، ٢٠٢٣: ٣٣٠)

یەکێک لەو شتانەی کە لەگەڵ مرۆڤ گەورە دەبێ و ناتوانێ دەستی لێهەڵگری دایکە.

**دووەم: ژن وەک قوربانیبوون**

یەکێکی تر لە تێماکانی ژن لای شاعیر وێناکردنی ژنە کە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ژن زیاتر لە پیاو بووەتە قوربانی و دیاردەی نێرسالاری باوبووە، کە بەردەوام پیاو خۆی پێ پلە یەکە و ژن

بە پلە دوو دەبینێت. (جەلیزادە) لە شیعری (گوند)دا لە ڕێگەی کارەکتەری (کچ)ەوە وێنای ئەو قوربانییەی ژن نیشان دەدات و دەڵێت:

کچەکە،
لە ماڵەکەدا زۆر گەڕا، چارشێوێکی نەدیتەوە
بە جەمەدانییە بەجێماوەکەی برای،
سەر و پرچی داپۆشی. (جەلیزادە، ٢٠٢٣: ٣٣)

لەم شیعرەدا شاعیر کچ وەک قوربانی نیشان دەدات، بەوەی خاوەنی هیچ شتێک نین، ئەگەر شتێکیشیان دەستبکەوێت هەر مایەی ئازارە بۆیان، ئەوەی بۆیان دەمێنێتەوە دیسانەوە خەمێکی گەورەیان پێدەدات، (بەجێمانی جەمەدانی برا) وێنایە بۆ شەهیدبوونی برا یان جۆرێک لە جۆرەکانی نەمانی برا لە ژیاندا، کە دەبێتە خەمێکی گەورە لە دڵی خوشکەکاندا.

دەشکرێت ئەو خوێندنەوەی بۆ بکرێت بەوەی ژن لەو کۆمەڵگەیە ناچارە بەوەی قژی داپۆشی جا ئەگەر بە جەمەدانی پیاویش بێ، لە کۆپلەی دووەمدا وێناکردنی کچانی کۆمەڵگەی کوردییە، کە قوربانی دەستی کۆمەڵگەن و باڵایان بە مەراق و ئازار گرتووە، کە قوربانی دەستی کۆمەڵگەن.

کچەکانی ئێمە،
بۆنی شەهید و
ڕەنگی درەختی سوتاو و
تامی گوندی وێرانەیان لێدێت (جەلیزادە، ٢٠٢٣: ٣٤)

شاعیر بەردەوام دەبێت لە وێناکردنی ژن وەک قوربانی کۆمەڵگە، بەوەی ئەوەندە ئازار و ناڕەحەتییان بینیوە، بۆنی شەهید و ڕەنگی درەختی سوتاو و تامی گوندی وێرانەیان لێدێت، شاعیر لە ڕێگەی ئەم دەقەوە وێنەیەکی واقیعی نیشانداوین، کە کچەکان لەو کۆمەڵگەیەدا ئەوەندە ئازاریان چەشتووە، ئازارەکە لە ڕوخساریاندا چەکەرەی کردووە و لە تەمەنێکی گەنجیدا پێستی ڕەشهەڵگەڕاندوون و ڕوخساریان بووەتە لۆچ، کاتێک سەیری ڕوخساریان دەکەیت ئێش و ئازاریان تێدا بەدیدەکرێت.

پێرێ لای ئێمە
ژنێکیان کوشت ناوی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(ماریا) بوو..

بابانەکانی ئێوەش دەستیان دەچێتە کوشتنی (ژن) !؟ (جەلیزادە، ٢٠٢٣: ٥٢)

شاعیر کوشتنی ژن زەق دەکاتەوە و بە سەرسوڕمانەوە باسی کوشتنی ژن دەکا و دەیکاتە پرسیار، بەوەی ڕوو لە دنیا دەکات و دەپرسێ ئەرێ کەس وەک ئێمەی نەزان ژن دەکوژێ؟! لەم کۆپلەیەدا ئەوە دەبینین شاعیر ئەوەندەی خەم لەو دیاردە قێزەوەنە خواردووە، لە بڕی ئەوەی ئەو ئازارە بەیان بکات، تەنیا بە پرسیار وێنای کردووە، هەندێ جار مرۆڤ بەرانبەر دیاردەیەک ئەوەندە پڕە لە قسە ناتوانێ هیچ بڵێت، لەو حاڵەتەدا تەنیا دەیکاتە پرسیار، ئەمە ڕەهەندێکی گشتی مرۆڤە لە بڕی ئەوەی قسە بکا تەنیا پرسیار دەکا.

شاعیر زیاتر دەچێتە ناو ئەو بابەتە و ژن وەک قوربانی دەستی پیاو وێنا دەکات و دەڵێت:

ژنێک هەمیشە دەگری؛
یا،
مێردەکەی دەیداتە بەر لەقە
یا،
باوکی پەتی دەخاتە گەردنی
یا،
براکەی دەیداتە بەر خەنجەران. (جەلیزادە، ٢٠٢٣: ٤٩)

شاعیر هەموو ئازار و نەهامەتییەکانی ژن وابەستە دەکات بە پیاو، بەوەی گەر ژنێک کێشە و ئازاری هەبوو، سەرچاوەکەی پیاوە، جا یان مێردەکەیەتی یان باوک و برایەتی، شاعیر لەم دەقەدا پیاو بەسەرچاوەی ڕەهای ئازاری ژن دادەنێت، دەکرێت ئەم تێڕوانینە ڕێژەیی بێت، چونکە هەموو پیاوێک سەرچاوەی ئازار نییە بۆ ژن، بگرە پاڵپشتی و هاوڕێیەتی.

لە شیعرەکانی (قوبادی جەلیزادە) دا، تێمای ژن وەک قوربانی بوون بە فراوانی دەبینرێت و ژن بە قوربانی دەستی زەمەن و کۆمەڵگە و تێڕوانینی پیاو سالاری دەبەستێتەوە، بەوەی ئەوا ژنەکانن هەمیشە لە پیاو زیاتر دەبنە قوربانی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**سێیەم: وەسفی جوانی ژن و باڵاکردنی**

جوانی یەکێکە لەو دیاردانەی لەگەڵ پەیدابوونی زەمەن بە مرۆڤ و بونەوەر و سروشت بەخشراوە، ئەوەی وایکردووە جوانی دەرکەوتەی هەبێت و گرنگی زیاتری هەبێ مرۆڤە، چونکە لەناو دروستکراوەکانی خودا تەنیا مرۆڤ درک بە هەموو حاڵەت و دیاردە جۆراوجۆرەکانی دەوروبەری دەکات، جوانی دیاردەیەکی سروشتیی خوداییە بە مرۆڤ و سروشت بەخشراوە، بە واتایەکی تر ‹‹جوانی تنۆکێکە لە زەریای خودا.›› (مستەفا، ٢٠٠٩، لا ٢٧). هەر دەربارەی جوانی وتراوە: جوانی دوو جۆرە ‹‹جوانی وشک و جوانی زیندوو، یەکەمیان ئەوەیە کە لە شێوەی نەگۆڕ و نەبزێو بەرجەستە دەبێت، وەک بینا و پەیکەرتاشی و وێنەکێشان و دیمەنە نەگۆڕەکانی سروشت (چیا و ڕووبار و تابلۆ وشکەکانی سروشت)، دووەمیش ئەو جوانییەیە، کە لەدایک دەبێت و گەشەدەکات و دەگۆڕێت و دەجوولێتەوە، وەک جوانی بوونەوەرە زیندووەکان، کە وردترینیان نموونەی جوانی ئافرەتە.›› (حسێن، ٢٠٠٨، لا ٣١). لە دێر زەمانەوە جوانی ژن بووەتە کرۆکی بابەتە ئێستاتیکی و ئەدەبییەکان، چ جوانی ڕوخسار و جوانی ناخ، بۆیە شاعیران و نووسەران و ئەدیبان کردوویانە بە سەرچاوەیەکی گەورە لە بەرهەمهێنانی دەقەکانیاندا.

لە شیعرەکانی (قوبادی جەلیزادە) وەسفی جوانی ژن و باڵا وێناکردنی دەرکەوتەی گەورەیان هەیە، بۆ نموونە دەڵێت:

باران نەبوو _ ئەگەر هەشبووبێ دڵۆپەکانی لە وردە زیخ بوون - بەر لەوەی ژن پێ بنێتە سەر زەوی.

پێش ئەوەی ژن پێ بخاتە سەر زەمین _ هیچ درەختێک نەبوو ئەگەر هەشبووبێ نە گەڵای پێوە بووە نە میوەی گرتووە و نە لەتێک سێبەر.

گوڵ نەبووە _ ئەگەر هەشبوووبێت پەڕەکانی لە نایلۆن و لە کاغەزی ڕزیو بووە - بەرلەوەی ژن پێ بنێتە سەر زەوی. (جەلیزادە، ٢٠٢٣: ٤٨)

شاعیر لەپاڵ وەسفی جوانی ژن، ژن باڵا وێنا دەکات، ژن لە دیدی ئەو ئەوەندە جوانە، بووەتە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی هەموو جوانییەکانی تر، لە دیدی شاعیر بێ ژن هیچ شتێک جوان نییە، ئەوەی وا دەکات جوانی بە شتەکانی دەوروبەر ببەخشێ ژنە، شاعیر جوانی باران بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جوانی ژنەوە دەبەســـتێتەوە، ئەوەتا دەڵێت: بەر لە پەیدابوونی ژن باران وردە زیخ بووە، یان جوانی گوڵ و دار و گەڵاکان بە بوونی ژن دەبەستێتەوە، یان دەنگی مۆسیقا پەیوەست دەکا بە ژنەوە، ئەم تێڕوانینە تێڕوانینێکی ئیستاتیکایانەیە بۆ ژن، کە بووەتە هۆی نەخشـاندنی هەموو جوانییەکان، سەرباری بەرهەمهێنانی دەقێکی هونەری جوان، ژن باڵا و پیرۆز دەکات، چونکە لە گۆشەنیگای (جەلیزادە) ئەگەر ژن نەبێت، هیچ جوانییەک بوونی نییە.

یان دەڵێت:

لێوانلێوبو بوو لە ئاوی باران؛
جێپێی ژنێک.        (جەلیزادە، ٢٠٢٣: ٣٠٩)

شـــاعیر هەموو شـــتێکی ژن بەجوانی دەبینێت، ئەوەتا کاتێک ژنێک پێیەکانی لە شـــوێنێک دادەنێت، جێی پێیەکانی دەبنە سـەرچاوەی هەڵقوڵانی ئاو، کە سـەرچاوەی ژیانی مرۆڤایەتییە، دەکرێ بڵێین ئەم دەقە دەقئاوێزانە لەگەڵ چیرۆکی (هاجەر)ی خێزانی حەزرەتی (ئیبراهیم) کاتێک بە فەرمانی خودا (هاجەر)ی خێزانی و منداڵەکەی دەباتە خاکی مەککەی وشک و دوورە دەست، لەبەر بێ ئاوی، حەوت جاران دەچێتە سەر کێوی (سـەفا) و (مەڕوا) دواتر بە فەرمانی خودا پێیەکانی لە زەوی دەدات و ئـاوی (زمزم)ی لێ هەڵـدەقوڵێ، کە لای پەیڕەوانی ئـاینی ئیسلام ئەم ئاوە بە پیرۆز دادەنرێت، بنیاتنانی وێنەیەکی بەرزی ئیستاتیکی لەم دەقەدا هەیە و تێما زەقەکە وێناکردنی جوانی ژن و باڵاکردنیەتی.

هەروەها شاعیر ژن بە سەرچاوەی میهرەبانی و نەرمونیانی دەبینێت و دەڵێت:

ترسام ژنێکی دڵڕەق بیت
ئەم پرسیارەم لە ئاسمان کرد؛
لۆکە باری.    (جەلیزادە، ٢٠٢٣: ٢٢٠)

(جەلیزادە) لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی دەقێکی خەیاڵی ئەفســـانەیی، ژن بە شـــێوەیەکی باڵا وێنا دەکات و لە ڕێگەی پرســـیارکردنەوە لە ئاســـمان، کە دەیەوێ بزانێ ژن چۆنە، ئاســـمان لەبڕی وەڵامدانەوە لۆکەی باراندووە، کە ئەمەش خۆی گەورەترین وەڵامە، کە ژن یەکســـانە بە نەرم و نیانی و سەرچاوەی ئارامی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەر لە وەســـفی جوانی ژندا ، لە کۆپلەیەکدا وێنای جوانی بەفر دەکات و بەراوردی دەکات بە پێستی سپی ژن، دیسانەوە هێزە ڕەهاکەی جوانی بۆ ژن دەگەڕێنێتەوە بەوەی بەفر هەرچەندە جوان بێت، ناگات بە پێستی ژن.

یەکەم داباریین، بەفر بووە یان باران- چووزانم
بەڵام دەزانم بەفر؛
لە پێستی تۆ سپیاتی ڕفاندووە. (جەلیزادە، ٢٠٢٣: ٢٥٥)

هەروەها شـــاعیر ژن دەباتە ئاســـتێکی باڵا و وێناکردنی ژن زۆر گەورە دەکات، دەیخاتە پێش هەموو دروستکراوەکانی تر، بۆ نموونە دەڵێت:

یەکەم کەڕەت بەس خودا هەبوو
پاشان:
ژن و
شیعر و
موزیک. (جەلیزادە، ٢٠٢٣: 140)

لای شـــاعیر خودا لە پلەی یەکدایە، کە دروســـتکەری گەردوون و هەموو خوڵقێنراوەکانی ترە، بەڵام شـاعیر دوای خودا هێزە گەورەکە بە ژن دەبەخشـێت، کە دوای خودا ژن هەبووە، پاشـان شـــیعر و میوزیک، ئەم دەقە دوو ڕەهەندی هەیە، یەکەم ئەوەیە ژن وەک یەکەم دروســـتکراو دەبینێت، هەرچەنـدە ئەمە لە واقیعدا بەوجۆرە نییە، چونکە بە پێی حیکایەتییە ئاینییەکان یەکەم جار خودا ئادەمی دروســـتکردووە، ئینجا (حەوا) بەڵام شـــاعیر بۆ پیرۆزکردنی ژن، ژن دەخاتە پلەی یەکەم، ڕەهەندی دووەم ئەوەیە شـاعیر وێنای شـتە جوانەکانی کردووە، لە دیدی ئەو (ژن و شـیعر و میوزیک) لەو جوانیانەن کە چێژ و جوانی بە ڕوح دەبەخشـن، بەلام شـاعیر ژنی کردووەتە پلەی یەکەم.

هەروەها شاعیر بۆ گەورە نیشاندانی ژن و باڵا وێناکردنی، دەیەوێ ژن لە هەرچی خراپە و شەڕ و ئاشوبی سەر زەوییە دوور بخاتەوە، بۆیە دەڵێت:

ناپرسم چونکە دڵنیام ئەوەی شەڕی سێیەمیش بەرپادەکا ژن نیە؛
پیاوە. (جەلیزادە، ٢٠٢٣: 108)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە دیدی شـــاعیر ژن هێزی خراپە نییە، بەڵکو ئەوە پیاوە هۆکاری زۆربەی شـــەڕ و ئاشـــوبەکانە، جگەلەمە شاعیر بۆ باڵاکردنی ژن، هێزێکی سەرسوڕهێنەر دەبەخشێتە ژن و دەڵێت:

تۆهێزە ڕەهاکەی _ ئەی ژن

دەتوانیت لە کونفەیەکونێکدا، بمکەی بە؛

بارانفرۆش (جەلیزادە، ٢٠٢٣: ١١٠)

ژن هێزێکی گەورەی هەیە، کە کاریگەری دەکاتە ســـەر پیاو و دەتوانێ بە یەک ڕســـتە، بەیەک نیگا... پیاو لە دۆخێکی شـــەڕخوازییەوە بگۆڕێت بۆ دۆخێک داماڵرابێ لە ڕق و تورەیی، لەم کۆپلەیەدا (بارانفرۆش) ڕەمزی مرۆڤێکی ئارام و جوانە، ئەوەی وا دەکات پیاو بچێتە ئەم دۆخە ژنە، شـــاعیر ســـەرباری بەرهەمهێنانی دەقێکی هونەری مەبەســـتی ســـەرەکی ئەوەیە هێزی ژن گەورە وێنا بکات.

لە شـــیعرەکانی (جەلیزادە) وەســـفی جوانی ژن و گەورە (باڵا)کردنی بەفراوانی دەبینرێت، ژن دەبـاتە ئـاســـتێکی بـاڵا و وێنـاکردنی ژن زۆر گەورە دەکـات و دەیخـاتە پێش هەموو دروســـتکراوەکانی تر، شـــاعیر لەپاڵ وەســـفی جوانی ژن، ژن باڵا وێنا دەکات، ژن لە دیدی ئەو ئەوەندە جوانە، بووەتە ســـەرچاوەی بەرهەمهێنانی هەموو جوانییەکانی تر، لە دیدی شـــاعیر بە بێ ژن هیچ شـــتێک جوان نییە، ژن هێزێکی گەورەی هەیە، کە کاریگەری دەکاتە ســـەر پیاو و دەتوانێت پیاو لە دۆخێکی شەڕخوازییەوە بگۆڕێت بۆ دۆخێک داماڵرابێت لە ڕق و تورەیی.

### چوارەم: ژن وەک سەرچاوەی بەرهەمهێنانی دەقی ئیرۆتیک

ئەم زاراوەیە، «لە وشـەی (Erotikos)ی گریکییەوە وەرگیراوە مێژووەکەی بۆ سـاڵی (١٦١٥ – ١٦٢٥) دەگەڕێتەوە، لە فەرهەنگی ئینگلیزیدا ئەم مانایەی هەیە: ویژدان، یا تێرکردنی ئارەزووی سێکسی، عەوداڵبوون..» (حەوێزی، و سلێوە، ٢٠١٥، لا ١٠). ئیرۆتیک بریتییە لەو کارە ئەدەبی و هونەرییـانەی کە لایەنی ئیرۆتیکی تێـدابێ و توخمە ســـێکســـیەکـان وەک لایەنی جوانی نیشـــانبدرێت، نەک بۆ وروژاندنی حەز و ئارەزووە ســـێکســـییەکان، گرنگە ئەو کەرەســـتە و توخمانەی لە چوارچێوەی چەمکی ئیرۆتیک دەســـوڕێنەوە، لە خزمەت جوانیناســـیدا بن و وەک

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لایەنێکی ڕوحی گوزارشـــتی لێوەبکرێت، نەک بۆ وروژاندن و حەزە ســـێکســـییەکان، چونکە ئیرۆتێک لەگەڵ سێکس جیاوازە.

ئیرۆتیک مێژوویەکی کۆنی هەیە، وێنەی ئیرۆتیک لەســـەر دیواری ئەشـــکەوتەکان و پەیکەری ســەر تەلار و کۆشــکەکان و ژووری ئیمپراتۆرەکان هەبووە و تا ئێســتاش ماون، دواتر هاتووەتە ناو ئەدەب و لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا نیشـــاندراوە، ئیرۆتیک لە ئەدەبیاتی میللەتاندا هەیە و «لە ئەدەبی یۆنانیدا (ئۆڤید) لە کتێبی شـــعری (هونەری ئەوین)دا کە لە ســـەدەی یەکی زاینیدا نووســـیویەتی، بە یەکەم هێمای ئەدەبی ئیرۆتیکی دەژمێردرێ، هەروەها ژنە شـــاعیری یۆنانی (ساڤۆ) یەکەمین دەنگی ژنە باس لە ئەوین و سێکس بکات(...) لە سەدەی نۆزدەمدا (مارکیز دی ســاد) و (ئەلفێرد دی موســێیە) و (ڤێرلین) لە ناوە دیارەکانی ئەدەبی ئیرۆتیکی فەرەنســین، لە ســـەدەکانی پێشـــوو هەندێ لە شـــیعرەکانی شـــاعیری فەرەنســـی (لوس ئاراگۆن) بە ئەدەبی ئیرۆتیکی دادەنرێت، هەروەها ڕۆمانەکانی ڕۆماننوســـی ئیتاڵی (ئەلبێرتۆ ســـۆرافیا) لەگەڵ ڕۆمانەکانی ڕۆماننوســی بەریتانی (لۆرانس) بە ئەدەبی ئیرۆتیک دادەنرێت.» (عومەر، ٢٠٢٣، ل ٩٠- ٩١).

وێنەی ئەم ئەدەب و هونەرەش لەناو عەرەبەکاندا هەبووە، لە ئەدەبی عەرەبی «لە ســـەردەمی جاهیلییەوە خاوەنی بەرهەمی ئیرۆتیکی و تەنانەت پۆرنۆش بووە، بە ئەندازەیەک کە شـتێکی زۆر باو و قبوڵکراو بووە، چونکە عەرەب بەر لە ئیسلام، ژن و شەراب و سەما و شیعر نوسین لە پێناو هەموو ئەو شتانە، بەشێکی گرنگی ژیانی ڕۆژانەیان بووە.»(محی الدین ،٢٠١٧، لا ١٢).

ئەم جۆرە ئەدەبە لە ئەدەبی عەرەبیدا بایەخی هەبووە و «لە ئەدەبی عەرەبیدا لای موسڵمانەکان و غەیرە موســـڵمانیش لە چەند کتێبێک باســـکراوە، گرنگترینیشـــیان کتێبەکەی (جلال الدین الســـیوطی)، کە بە زانای خۆشـــەویســـتی ناونرابوو، هەروەها (نەجمەدین قەزوێنی) کتێبێکی هەبوو بەناوی (بیبلۆگرافیای چێژ)، بەڵام لای عەرەبەکان ئیرۆتیک وەک دەسـپێک نەمایەوە ئەو ئازادییەی لێ سەندرایەوە بەهۆی داب و نەریت و دینەوە»(Wachsberger, 2019, p2).

لە ئەدەبی کوردیشـــدا وێنەی ئەم ئەدەبە لە قۆناغە جیاوازەکان لە ئەدەبی فۆلکلۆردا بەتایبەت لە (بەیـت و حەیران)دا وێنەی ئیرۆتیـک دەبینرێـت، دواتر ئەم فۆڕمی ئیرۆتیکە لە شـــیعری کلاسیکدا دەرکەوتەی هەبووە و بە درێژایی قۆناغەکانی ئەدەب کەم تا زۆر بەردەوامی هەبووە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە شـــیعری هاوچەرخیشـــدا وێنەی ئەم ئەدەبە ڕەنگدانەوەی هەیە و لە شـــیعرەکانی (قوبادی جەلیزادە)دا بە فراوانی دەبینرێت و چەندین وێنای جۆراو جۆری ئیرۆتیکی لە شـــیعرەکانی شاعیر دەبینرێت، لەوانە: (لێو، ڕووتی، مەمک، جەستە، ڕان و سمت و خاڵی لەش...).

شـــاعیر لە شـیعری (چۆلەکە)دا پرسـیار لە چۆلەکە دەکات و لە ڕێگەی دیالۆگی نێوان خۆی و چۆلەکە وێنەیەکی ئیرۆتیکی بەرهەم دەهێنێت و لە چۆلەکە دەپرسێت:

ئایە نیشتنەوە لەسەر لقی درەختێک خۆشترە یان لەبەر پەنجەرەی ژووری ژنێک

گوتی؛

بەر پەنجەرەی ژووری ژنێک کە لەبەردەم ئاوێنەدا ، خۆی ڕووت دەکاتەوە و خاڵەکانی

لەشی دەژمێرێت

بە پەنجەی دۆشاومژە گەمە لەگەڵ گۆی مەمکەکانی دەکات

پشت دەکاتە ئاوێنەوە و سەیرێکی بەرزایی سمتی دەکات.. (جەلیزادە، ٢٠٢٣: ٥٠- ٥١)

شـــاعیر بە دروســـتکردنی دیـالۆگێـک لە نێوان خۆی و چۆلەکەدا وێنەیەکی ئیرۆتیکی دروســتکردووە، ئەو ڕووت بوونەوەی ژنی لا زۆر جوان و ســەرەنج ڕاکێشـە، بەڵام لەو دەقەدا دەیەوێت بڵێت، ئەوەتا باڵندەیەکیش هەسـت بەجوانی ژن دەکات کاتێک لەبەردەم ئاوێنەیەکدا ڕووت دەبێتەوە و سـەیری جەسـتەی خۆی دەکات و بە پەنجە یاری لەگەڵ مەمکەکانی دەکات، شـاعیر لە بنیاتنانی ئەو دەقە ئیرۆتیکییە، سێ جار وێنای جوانی جەسـتەی ژن دەکات، یەکەم: خۆی کە جەسـتەی ژنی لا زۆر جوانە، دوووەم: هەتا چۆلەکەش لەکاتی ڕوتیدا بە جەسـتەی ژن سەرسامە، سێیەم: خودی ژن خۆی بە جەستەی خۆی سـەرسامە، چونکە واقوڕمانی ژنەکە بە دیار سەیرکردنی جەستەی خۆیەوە، هێمایە بۆ سەرسامبوون بە خۆی.

شاعیر لە کۆپلەیەکی تردا (سینگ و مەمک) وەک دوو کەرەستەی دەقی ئیرۆتیکی دەهێنێت و دەڵێت:

دەبم بە هەنگ

باڵم بکە و لەسەر سینگت بمگوشە،

نێوان مەمکەکانت دەکەم بە؛

جۆگەلەی هەنگوین. (جەلیزادە، ٢٠٢٣: ٩٤)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەمەش دروســـتکردنی وێنەیەکی بەرزی ئیرۆتیکییە، کە دەیەوێت لە وێنەی هەنگێک بچێتە سەر سینگی ژن و بیکات بە جۆگەلەی هەنگوین.

بە ڕووتی لەناو جۆلانەکە نووستی
بەیانی زوو چەند دڵۆپێک شەونم، تکانە سەر تووکەبەرت،
پێیان وابوو؛
بنجگە گیایە! (جەلیزادە، ٢٠٢٣: ٩٥)

جەلیزادە شاعیرێکە هەموو جەستە و خانەکانی ئافرەت وەک سەرچاوەی بەرهەمهێنانی دەقی شـیعری بەکاردەهێنێت، ئەوەتا لە توک (مو)ی بەر وێنەیەکی بەرزی ئیرۆتیکی بنیاتناوە، بەوەی کە ئەو موانەی بە پنجە گیا چواندووە، بۆیە دلۆپە شەونم کەوتووەتە سەری.

تا تۆ،
لەژێریدا ڕووت نەبوویتەوە
یەک دانەی پێوە نەبوو؛
دار هەنارەکە. (جەلیزادە، ٢٠٢٣: ٢٢١)

لەم دەقەدا سەرباری دروستکردنی وێنەیەکی ئیرۆتیکی هێزێکی گەورە بە ژن دەبەخشێت، کە پێیوایە ئەوە ژنە ســـەرچاوەی بوون و دەرکەوتنی زۆربەی شـــتەکانی دەوروبەرمانە، هەر بۆیە گرتنی هەنار پەیوەســـت دەکات بە ڕووتبونەوەی ژن، لە شـیعرە ئیرۆتیکییەکانی (جەلیزادە)دا جوانی و ئیســـتاتیکای دەق دەگاتە لوتکە، کە ئەمە بە ڕوونی لەو دەقەدا دیارە، کاتێک ژنێک لەژێر دارێکدا خۆی ڕوت دەکاتەوە و دار هەنار ئەو وێنەیە دەبینێت، بۆیە هەنار دەگرێت، کە لە مەمکەکانی ژن دەچن.

ئەوەی ناهێڵێ شەڕی سێیەم بقەومێ
نەتەوە یەکبووەکان نیە،
ژنە،
ژنێکی ڕووت. (جەلیزادە، ٢٠٢٣: ٢٦٩)

شاعیر جگە لە بنیاتنانی دەقێکی ئیرۆتیکی، ژن باڵا دەکات، بۆیە ڕوتی ژن بەوە وێنا دەکات، کە هۆکارێکە بۆ ئارامبوونەوەی جیهان و ئەوەی وا دەکات شـــەڕی ســـێیەمی جیهان ڕوونەدات،

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


ژنێکی ڕووتە، چونکە کاتێک ژن ڕووت دەبێتەوە، پیاوەکان دەچنە دنیایەکی تر و بیر لە شەڕ ناکەنەوە.

لە دەقێکی تردا (گۆی مەمک) دەکاتە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی وێنەیەکی ئیرۆتیکی و دەڵێت:

لە باخچە دەهاتەوە، سەبەتەکان پڕ بوو لە گێلاس

گوتم دوو قل تکایە

گوتی گۆی مەمەکانم بمژە. (جەلیزادە، ٢٠٢٣: ٣٢٧- ٣٢٨)

ئەمجارەیان شاعیر لە بنیاتنانی وێنە ئیرۆتیکییەکان، هێزەکە دەداتەوە دەست ژن، لە دەقەکانی تر ئەوە پیاوە سەرسامی جوانییەکانی (سینگ و لێو و ڕوتی و مەمکە) بەڵام ئەم جارە خودی ژنە تێدەگا لەوەی پڕە لە چێژ و جوانی، لەم دەقەدا لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی دیالۆگەوە وێنە ئیرۆتیکییەکان بەرهەم هێنراون، کاتێک ژنێک لە باخ دەگەڕێتەوە و پیاوێک داوی گێلاسی لێدەکات، ژنەکە لە وەلامدا دەڵێ تۆ چوزانی جوانی و چێژ چییە، تۆ داوای گێلاس دەکەی، بەڵام ئەوە ژنە مەمکەکانی لە گێلاس دەچن، کەچی لە گێلاس بە تام و چێژترن.

**پێنجەم: خۆشەویستی ژن**

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەردەوامبوونی ژیان خۆشەویستییە، تایبەتتر خۆشەویستی ژن، چونکە هێزێکە بۆ بەردەوامبوونی ژیان، ڕەنگدانەوەی خۆشەویستی ژن دەگەڕێتەوە بۆ چیرۆکی یەکەمین مرۆڤ لە بەهەشتدا ئەویش باوکە (ئادەم) بوو، کاتێک خودا بینی باوکە (ئادەم) بێتاقەت بووە، ئەوا خودا ئافرەتی بۆ دروستکرد، ئەویش دایکە (حەوا) بوو، بەمجۆرە ڕەوڕەوەی بەردەوامبوونی ژیان پەیوەست بووە بە بەیەکەوەبوونی ژن و پیاو و خۆشەویستی نێوانیان.

چەمکی خۆشەویستی‹‹بریتییە لە یەکبوونێکی سۆزگەرایانەی بەهێز لەگەڵ کەسێکی تردا و دەبێتە هۆکاری دروستبوونی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی پەسەندکراو کە تیایدا کەسی یەکەم هەموو وزەکانی خۆی بەکاردێنێ بۆ بەختەوەرکردنی کەسی دووەم و بە پێچەوانەشەوە (...) پەیوەندییەکە لە نێوان دوو کەسدا بەهۆی گۆڕینەوەی هەستیاری و سۆزی چونیەکەوە دروستدەبێ.›› (عەبدوڵلا،٢٠١١، لا ٣٣) واتە خۆشەویستی هەست و سۆزێکی مرۆڤایەتییە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەگەڵ لەدایکبوونی مرۆڤدا پەیدابووە و چاکترین هۆی بەهێزکردنی پەیوەندی بووە لە نێوانیاندا، خۆشویستی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر دەروونی مرۆڤ هەیە، ئەگەر بێت و مرۆڤێک لەم چێژە ڕوحی و دەروونییە بێبەشبێت، هەست بە نائارامی و بێزاری دەکات.

ئەم چەمکە لەناو ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی ڕەنگدانەوەی فراوانی هەیە و مەبەستێکی گرنگی شیعرە، لەناو ئەدەبدا تێما جیاوزەکانی ژن بەرجەستە کراوە و بووەتە بەشێکی گەورە لە بنیاتنانی دەقدا، چونکە «شاعیر، سەرچاوەی سرووشی شیعرەکانی لە عیشق و پەیوەندی ژن وەردەگرێت، تەواوی شیعرەکانیشی هەر لە خزمەت ئافرەتدا دەبێت، ئافرەت عیشق و ژیان بە پیاو دەبەخشێت و پەلکێشی دۆزینەوەی سروشتی ڕاستی و جوانی دەکات.» ( یزدانی، ١٣٧٨، لا ٢٧٤). بۆیە شاعیران لە شیعری خۆشەویستیدا دەتوانن داهێنانی گەور بکەن، چونکە ‹‹شیعری دڵداری گەورەترین شوێن و قەوارە و هەمەڕەنگترین لایەنی ئیبداعی لە شیعری جیهانیی هەموو سەردەمێک و هەموو وڵاتێک و هەموو قوتابخانەیەک گرتۆتەوە›› (ڕەسول، ١٩٩٠، لا ١٠٧).

تێمای خۆشەویستی ژن لە دیوانی (جێ سمی بارگیرەکان)ی (جەلیزادە)دا، ڕەنگدانەوەی گەورەی هەیە و خۆشەویستی ژن گەورە وێناکراوە، شاعیر ئامادەیە لە پێناو خۆشەویستی خۆی بکاتە قوربانی، ئەوەتا لە شیعری (مێروولە)دا ئەم خۆبەختکردنە دەبینرێت و دەڵێت:

ئەو بە چەقۆیەکی خوێناوییەوە لەسەربڕینی ژن دەگەڕێتەوە- من ئەو زیندانانە تەخت دەکەم
کە ژن تێیدا دەست لە کەلەپچەیە (جەلیزادە، ٢٠٢٣: ل ٤٤)

(جەلیزادە) لەپاڵ دەربڕینی هەست و سۆز و خۆشەویستی بۆ ژن، باسی دیاردەیەکی قێزەونی بەشێک لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی دەکات، کە ژن کوشتنە، بۆیە خۆی بەراورد دەکات بەو پیاوە ناشرینانەی دەستیان دەچێتە کوشتنی ژن، جیاوازی ئەو لەگەڵ ئەوان ئەوەیە، ئەو لە بری کوشتنی ژن، خۆی دەکاتە قوربانی لە پێناو ژندا، خۆشەویستی ژن لای شاعیر گەورەیە، تێمای خۆشەویستی ژن لەو دەقەدا ڕەهەندێکی مرۆڤایەتی هەیە، نەک تەنیا خۆشەویستی ژن لە مەعشووقدا کۆ بکاتەوە.

هەروەها لە شیعری (خاڵ خاڵۆکە)دا، شاعیر بە ئاشکرا بەیانی خۆشەویستی بۆ ژن دەکات و دەڵێت:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

من ژنم خۆشدەوێ، دەنگی ژن، ڕەنگی ژن، جووڵەی ژن، کەچی تۆ چەکم دەدەیتێ و دەمنێری
بۆ شەڕ. (جەلیزادە، ٢٠٢٣: ل ٦٣)

شاعیر لە خۆشەویستی ژن قوڵدەبێتەوە و هەموو شتێکی لا خۆشەویستە، لەوانە: دەنگی ژن، ڕەنگی ژن، جوولەی ژن، ئەم وێناکردنە لە پاڵ گەورە نیشاندانی خۆشەویستی ژن، زیاتر بۆ دروستکردنی لایەنی هونەری و ئیستاتیکای دەقەکەیە، چونکە کاتێک تۆ ژنت خۆشدەوێ، دەبێت پێکهاتەی تەواوی ژنت خۆشبوێ، بەڵام شاعیر ئەمە بۆ زەقکردنەوەی خۆشەویستی و لایەنی جوانکاری دەقەکە ئەنجامدەدات.

ئەمجارەیان شاعیر لە پێناو خۆشەویستی ژندا دەیەوێ هەندێ کاری مەحاڵ وێنا بکات و لە پێناو خۆشەویستی ژندا ئەنجامیان بدات، بۆ نموونە لە شیعری (شەنگەبی)دا ئەم وێناکردنە دەبینرێت.

نیوە شەوێک،
لەپەنا دارێکدا خۆم مات دەکەم
کە کانییەکە پڕبوو لە جوکە جوکی ئەستێرە،
لەپڕ تۆرێک هەڵدەدەمە ناوی و چی ئەستێرە هەیە ڕاوی دەکەم و
دەیدەم بەتۆ. (جەلیزادە، ٢٠٢٣: ل ٦٥)

بۆ ئەوەی هێزی خۆشەویستی گەورە بکرێت، دەبێ عاشق هەندێ کاری جیاواز و مەحاڵ بۆ مەعشوق بکات، تا بیسەلمێنێت، کە بەڕاستی عاشقی مەعشوقەکەیەتی، چونکە خۆشەویستی ڕاستەقینە سەلماندنە، نەک تەنیا چەند وشەیەکی بریقەدار، بۆیە شاعیر بۆ سەلماندنی ئەم عیشقە دەیەوێت بە مەعشوق بڵێت: چاوەڕێ دەکەم تا معجیزەیەک ڕوبدات (کانییەکان پڕ بن لە ئەستێرە) ئینجا پێشکەشی تۆیان بکەم، وەک ڕوونە ئەم لە جیهانی واقیعدا ڕوونادات، بەڵام شاعیر ئەمە بۆ گەورەکردنی خۆشەویستی ژن و لایەنی جوانکاری ئەنجامدەدات.

جگەلەمانە شاعیر دەیەوێ خۆشەویستنی ژن بخاتە پلەی یەکەمی غەریزەکانی تر، وەک: (برسیەتی و تینویەتی...) لە شیعری (هەڵۆ)دا ئەم وێناکردنە بە ڕوونی دەبینرێت.

خەریک بوو دەخنکام
کانی لێی پرسیم، شیعر بۆ کامان دەنووسی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گوتم بۆ ئەو.          (جەلیزادە، ٢٠٢٣: ل ٧١)

مرۆڤ کاتێک تینو دەبێت، خەمی گەورەی تێرکردنی ئەم غەریزانەیە، بەڵام شاعیر ئەم هاوکێشەیە دەگۆڕێت، بەوەی عیشق باڵاتر دەکات، بۆیە دەیەوێ ئەوە بڵێت خۆشەویستی لای من ئەوەندە گەورەیە، ئەگەر لەوپەڕی تینویەتی دا بم، هەر خۆشەویستی هەڵدەبژێرم، چونکە خۆراکی ڕوح گرنگترە لە خۆراکی جەستە، دەکرێت ئەمە وێناکردنێکی واقیعیش بێ کاتێک کەسێک عاشقی کەسێکی تر دەبێ، مەعشوق لە سەرووی هەموو شتەکانی ترەوە دەبینێت.

دواجار خۆشەویستنی ژن لای شاعیر ئەوەندە گەورەیە، دوای مردنیشی هەر بیری لای ژنە، بۆیە دەڵێت:

که مردم کونێک لە گۆڕەکەم بکەنەوە
تا؛
ئەو ژنەم لێوە دیار بێ،
کاتێ لەسەر بالکۆنەکە جلکە تەڕەکانی هەڵدەخات و
لەبەرخۆیەوە گۆرانی دەڵێ.     (جەلیزادە، ٢٠٢٣: ل ٧٦)

شاعیر دەیەوێت ئەوە وێنا بکات کە ناو گۆڕ تەنگ و تاریکە، بەڵام ئەگەر کونێک لە گۆڕەکەی هەبێت تا ژنێکی پێ ببینێت، ئەوا دەبێتە هێزێک و بەهۆیەوە دەتوانێت بەردەوامی بە ژیانی ناوگۆڕ بدات، دروستکردنی ئەم خەیاڵە نا واقیعییە تەنیا بۆ گەورە وێناکردنی ژن و خۆشەویستی و جوانکردنی دەقەکەیە، کە ئەمەش بۆ شاعیر ڕەوایە، چونکە ئەوەی دەقێک لە قسەکردنی ئاسایی جیادەکاتەوە و ئەو زمانە جیاواز و خەیاڵە جیاوازانەیە کە شاعیر دەقەکەی پێ بنیات دەنێت.

تێمای خۆشەویستی ژن لای (جەلیزادە) دوو ڕەهەندی هەیە، ڕەهەندێک خۆشەویستنێکی مرۆڤانەیە بەگشتی بۆ ڕەگەزی مێ کە (ژن)ە، ڕەهەندێکی تر خوشویستنی ژنە وەک مەعشوق، ژن لای شاعیر گەورەیە بۆیە ئامادەیە لە پێناو ژندا خۆی بکاتە قوربانی، هەروەها ئەوەندە ڕۆچووەتە ناو خۆشویستنی ژنەوە هەموو شتێکی ژنی خۆشدەوێ، دەیەوێ بۆ سەلماندی خۆشەویستی کاری جیاواز و مەحاڵ بۆ مەعشوق بکات، سەرباری ئەمانە خۆشەویستی لای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شـــاعیر لە هەموو غەریزەکانی تری مرۆڤ لەپێشـــترە، ژن وەک هێزی بەردەوامبوونی ژیانی مرۆڤایەتی وێنا دەکات، تەنانەت دوای مردنیش.

## ئەنجام:

١-دایک لە دیوانی (جیٚ سمی بارگیرەکان)دا ڕەنگدانەوەیەکی فراوانی هەیە، چەندین شیعری بۆ دایک نووسیوە، دەکرێت وەک وێناکردنێکی گشتی بۆ دایک لێکبدرێتەوە، لە چەندین ڕەهەندی جیاوازەوە وێنای دایکی کردووە، لەوانە: دایک وەک مرۆڤێکی باڵا و ڕێنیشاندەر، دایک وەک دادپەروەر، دایک وەک میهرەبانترین بوونەوەر، هەروەها دایکی لە هەموو جوانییەکانی تر باڵاتر و جوانتر وێناکردووە.

٢- شاعیر لەو شیعرانەی بۆ دایک نووسیویەتی، ڕەهەندێکی گشتی مرۆڤایەتی وێنا دەکات بەوەی دایک لەبەرچاوی منداڵەکەیدا لە روخسار و شێوە هەرچۆنێک بێت، بەڵام هەمیشە جوانترینە، هەروەها شاعیر دایک دەباتە پلەیەکی باڵاتر لە مرۆڤ ئەویش فریشتەیە.

٣- لە شیعرەکانی (قوبادی جەلیزادە) دا، تێمای ژن وەک قوربانیبوون بەفراوانی دەبینرێت و ژن بە قوربانی دەســـتی زەمەن و کۆمەڵگە و تێڕوانینی پیاوســـالاری دەبەســـتێتەوە، بەوەی کە ژنەکانن لە پیاو زیاتر دەبنە قوربانی.

٤- لە شـیعرەکانی (جەلیزادە)دا وەسـفی جوانی ژن و گەورە (باڵا)کردنی بەفراوانی دەبینرێت، ژن دەبـاتـە ئـاســـتێکی بـاڵا و وێنـاکردنی ژن زۆر گەورە دەکـات و دەیخـاتە پێش هەموو دروســتکراوەکانی تر، شــاعیر لەپاڵ وەســفی جوانی ژن، ژن باڵا وێنا دەکات و بە ســەرچاوەی بەرهەمهێنانی هەموو جوانییەکانی تری دادەنێت، هەروەها ژن بە هێزێکی گەورە دەبینێت و دەتوانێت پیاو لە دۆخێکی شەڕخوازییەوە بگۆڕێت بۆ دۆخێک داماڵرابێت لە ڕق و تورەیی.

٥- لە شـــیعرەکانی (قوبادی جەلیزادە)دا وێنەی ئیرۆتیک بەفراوانی دەبینرێت و چەندین وێنای جۆراوجۆری ئیرۆتیکی لە شیعرەکانی شـاعیر دەبینرێت، لەوانە: (لێو، ڕووتی، سـینگ و مەمک، جەسـتە، ڕان و سـمت و خاڵی لەش...)، (جەلیزادە) شـاعیرێکە هەموو جەسـتەی ئافرەت وەک سـەرچاوەی بەرهەمهێنانی دەقی شـیعری بەکارهێناوە، بۆ نموونە (لێو، موو، پەنجە، مەمک، ڕان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

...تد)، هەورووەها لەپاڵ درووستکردنی وێنەیەکی ئیرۆتیکی هێزێکی گەورە بە ژن دەبەخشێت، کە پێیوایە ئەوە ژنە سەرچاوەی بوون و دەرکەوتنی زۆربەی شتەکانی دەوروبەرمانە.

٦- شاعیر جگە لە بنیاتنانی دەقێکی ئیرۆتیکی، ژن باڵا دەکات، کە ڕووتی ژن بەوە وێناکردووە، کە هۆکارێکە بۆ ئارامبوونەوەی جیهان و وایکردووە جەنگی سێیەمی جیهان ڕوونەدات.

٧- تێمای خۆشەویستی ژن لای (جەلیزادە) دوو ڕەهەندی هەیە، ڕەهەندێکی خۆشویستنێکی مرۆڤانەیە بەگشتی بۆ ڕەگەزی مێ کە (ژن)ە، ڕەهەندێکی تر خۆشویستنی ژنە وەک مەعشوق.

## سەرچاوەکان:

### کوردی:

-احمد، فؤاد حسين(١٩٩٠)، ئافرەت لە هۆنراوەی کوردیدا، مطبعة الجاحظ، بغداد.

-ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد(٢٠١٥) فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، تاران.

-بەرزنجی، جعفر شێخ حسین (١٩٨٦) چەند مەڵۆیەک لە شارای فۆلکلۆری کوردی، مطبعة الزمان، بغداد.

-جەلیزادە، قوباد (٢٠٢٣)، جێ سمی بارگیرەکان، چاپخانەی تاران.

-حسێن، جەبار ئەحمەد(٢٠٠٨)، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردستانی عێراق (١٩٥٠- ١٩٧٠)، سەردەم، سلێمانی.

-حەوێزی، دەریا، و سلێوە، هاوژین(٢٠١٥)، ئیرۆتیک لە شیعری (حەمام)ی (شێرکۆ بێکەس)دا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

ڕەسول، عیزەدین مستەفا(١٩٩٠)، ئەدەبیاتی نوێی کوردی، خوێندنی باڵا، هەولێر.

-زەبیحی، عەبدوڕەحمان(٢٠٢٢)، قامووسی زمانی کوردی، چاپەمەنی خانی، سەقز.

-سەنەندەجی، مەهدی& پەشابادی، یەدوڵڵا& کەریمیان، مەحیەددین& ئەمین، موحەممەدژیان (١٣٩٧) فەرهەنگی زانستگای کوردستان، بەرگی یەکەم، پەخشانگای زانستگای کوردستان.

-عومەر، دەشتی یاسن (٢٠٢٣)، بابەت و تەکنیکەکانی شیعری هاوچەرخی کوردی بە نموونەی شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)، نامەی ماستەر. زانکۆی سەلاحەدین.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

-عەبدول، نوخشە، (2007)، ڕۆڵی ژن لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی باشووری کوردستان، سلێمانی، چاپخانەی ڕوون.

-عەبدوڵلا، ئاشتی(٢٠١١)، شرۆڤەیەک بۆ چەمکەکانی خۆشەویستی- عیشق- حەزلێکردن، گۆڤاری تەوار، ژمارە(١٠٧)، سلێمانی.

-محی الدین، هێرۆ حسام الدین(٢٠١٧)، ئیرۆتیک لە شیعری ژنانی باشوری کوردستاندا (کرمانجی خواروو ٢٠٠٠-٢٠١٣)، نامەی ماستەر، زانکۆی چەرموو.

-مستەفا، ئاسۆعومەر(٢٠٠٩)، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد، شێخ نوری شێخ سالح، گۆران، خان، دهۆک.

-موکریانی، گیو (٢٠١٧) فەرهەنگی کوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

-نانەوازادە، عەلی (١٣٩٦) فەرهەنگی ڕیشەی وشەی کوردی، بەرگی یەک (ئا- ب)، انتشارات هم صدا، تهران.

-هەرشەمیی، شاسوار(٢٠٢٢)، فەرهەنگی ئیتیمۆلۆژی کوردیی، چاپخانەی تاران، سلێمانی.

**عەرەبی:**

-جينيت، جيرار (1985)، مدخل لجامع النص: ترجمة: عبد الرحمن أيوب، الطبعة الأولى، الناشر: دار الشؤون الثقافية العامة (آفاق عربية) – بغداد.

-شمس الدين، سوزان كمال(٢٠٠٥)، المرأة في شعر فوزي الأتروشي، رسالة الماجستر، كلية التربية للعلوم الأنسانية، جامعة صلاح الدين، آربيل.

-علوش، سعيد (١٩٨٥)، معجم المصطلحات الادبية المعاصرة، دار البيضاء، بيروت.

-كريزويل، اديث (1993)، عصر البنيوية، ترجمة: جابر عصفور، المطبعة الاولى، دار سعاد الصباح، القاهرة.

**فارسی:**

-یزدانی، زینب(١٣٧٨)، زن در شعر فارسی (دیروز، امروز)، چاپ دوم، چاپخانه رامین، تهران.

**ئینگلیزی:**

- Wachsberger, Katie (2019) breaking the taboo: Arabic erotic literature. The van leer Jerusalem instate.

**سەرچاوەی ئەلیکترۆنی:**

- ئاوارە، تانیا، قوبادی جەلیزادە .. ژیان،شیعر،جوانی، بەرواری سەردان: ٢٠٢٤/١١/٢١
https://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=16089&type=farhang

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- https://www.dictionary.com/browse/theme بەرواری سەردان، ٢٠٢٤/١١/٢٠.
- https://abadis.ir/entofa/the / بەرواری سەردان ٢٠٢٤/١١/٢.

---

# Women Theme in (Jesmi Bargirakan) by Qubadi Jalizada

**Dashte Yassin Omer**
Department of Kurdish, College of Languages, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: Dashte.omer@su.edu.krd

## Abstract
The study is titled as "Women Theme in (Jesmi Bargirakan) by Qubadi Jalizada." The branches and sources that make up the theme of women are shown in the poem, such as: "Woman as a mother, woman as a victim, description of women's beauty and elevation, woman as a source of erotic texts, and love for women." In this study, the concepts and terms have been discussed, and also the focus is on the women's side in literature. Furthermore, a quick review has been done about women's appearance in different stages of Kurdish poetry. The theme of women in the poems of Qubadi Jalizada is widely seen because a large part of the source of inspiration for Jalizada's poetry is women. In this study, we conclude that the depiction of women by the poet has great significance and takes the woman to a high level and depicts her as great and holy. The poet's admiration for and portrayal of women's beauty, as well as their joys and sorrows, remain ever present in his works, and he is seen as an advocate for the women's front.

***Keywords:*** *Qubadi Jalizada, Women theme, Mother, Love, Erotic.*

---

# موضوعات المرأة في ديوان (جي سمي بارگيراكان) لـ(قوبادي جەليزادە)

**ملخص:**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

يقدم هذا البحث بعنوان موضوع المرأة في ديوان (جي سمي بارگيراكان) لـ(قوبادي جەليزاده)، حيث يتم تسليط الضوء على المفاهيم والمصادر التي تشكل موضوع المرأة في الديوان ودورها: (المرأة كأم، المرأة كضحية، وصف جمال المرأة وتمجيدها، المرأة كمصدر للإنتاج الأدبي الإيروتيكي، وحب المرأة).
في هذه الدراسة، نوقشت المفاهيم والمصطلحات، كما ركزت على الجانب النسائي في الأدب. علاوةً على ذلك، أُجريت مراجعة سريعة لظهور المرأة في مراحل مختلفة من الشعر الكردي. يُنظر إلى موضوع المرأة في قصائد قوبادي جليزادة على نطاق واسع، لأن المرأة تُشكل جزءًا كبيرًا من مصدر إلهامه. نخلص في هذه الدراسة إلى أن تصوير الشاعر للمرأة يحمل دلالةً بالغة، ويرفعها إلى مستوى عالٍ، ويُصوّرها عظيمةً ومقدسةً. يظل إعجاب الشاعر بجمال المرأة وتصويره له، فضلاً عن أفراحها وأحزانها، حاضراً دائماً في أعماله، ويُنظر إليه كمدافع عن حقوق المرأة ..